# ڕۆڵی مێژوویی (شێخ ڕەفاعە ئەلتەهتاوی) لە وەرگێڕانی زانستەکانی سەردەمدا

**پ. د. فەرەیدوون عەبدولستار**
**(زانکۆی سلێمانی- کۆلێژی پزیشکیی ڤێترینەری)**

بە گوێرەی سەرچاوە مێژووییەکان لە سەدەی نۆزدەیەمدا کەسایەتییەکی ڕووناکبیری وەک شێخ ڕەفاعە ئەلتەهتاوی بە یەکێک لە ڕابەرانی ڕۆژگاری ڕۆشنگەری وڵاتی میسری نوێ دادەنرێت، بێگومان ئەمەش لەبەر ئەوەی سەرەڕای کارە ناوازەکانی لە ژیانی ڕۆشنبیریی وڵاتی میسردا، بە شێوەیەکی گشتی ڕۆڵی کاریگەریی هەبووە لە بواری وەرگێڕانی زانستەکانی سەردەمدا لە زمانی فەڕەنسییەوە بۆ زمانی عەرەبی لەپێناو هۆشیارکردنەوەی گەلی میسر بە بیری زانستی نوێ و گواستنەوەی کۆمەڵگەی میسری بۆ قۆناغێکی پێشکەوتووتر، چونکە ڕەفاعە ئەلتەهتاوی هەمیشە لەو باوەڕەدا بووە کە گەل بە زانست و زانیاری دەبووژێتەوە و هەنگاو بەرەو ژیانی شارستانیەت دەنێت.

سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکان: مێژوونووسان دووپاتی دەکەنەوە کە ماوەی سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکان نزیکەی پێنج سەدەیەکی خایاندووە کە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی عەرەبی لەخۆگرتووە بە شێوەیەک گەلانی ئەو وڵاتانە بەدەست دواکەوتویی لە گشت ڕوویەکەوە ناڵاندوویانە، بە شێوەیەک کۆمەڵناسی بەناوبانگی عێراقی دوکتۆر عەلی وەردی دەڵێت: نەخۆشی و نەخوێندەواری و گەندەڵی و دواکەوتن لە دەسکەوتە گرنگەکانی سەردەمی عوسمانییەکان بوون بۆ خەڵکی ناوچەکە، هەر لەبەر ئەمەش ڕووناکبیران بەشێوەیەکی گشتی بە سەردەمە تاریکەکان ناوی

دەبەن، باری ڕۆشنبیری کۆمەڵگەکان لە زانست و ئەدەب و هونەر لە ئاستێکی زۆر لاوازدا بووە و زانا و هونەرمەندان و ئەدیبان هیچ ڕۆڵێکیان پێ نەدراوە و نەبووە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە باوی ساحیر و جادووگەر و نووشتەکەر بووە و لێکدانەوە نازانستییەکانی ساحیران و جادووگەران و نوشتەکەران، جێگەی لێکدانەوە زانستییەکانی گرتبووەوە.

بەپێی قسەی هەندێک لە گەڕیدەکان و گەشتیارە ڕۆژئاواییەکان دیاردەی نەخوێندەواری و نەزانین باڵی بەسەر هەموو توێژەکانی کۆمەڵگەکانی ئەو وڵاتانەی ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا کێشابوو، بەشێوەیەک کتێب و گۆڤار و کتێبخانەکان هیچ بایەخێکیان نەبوو، لە ڕاپۆرتێکدا هاتووە کە لە هەموو شاری دیمەشق و حەلەب لەو سەردەمەدا یەک کتێبفرۆش نەبووە، هەروەها لە یەکێک لە ڕاپۆرتەکانی قونسوڵی ڕووسیا لە شاری قاهیرە بە ناوی (دووهامیل)دا هاتووە بەوەی تا هاتنی موحەمەد عەلی پاشا بۆ دەسەڵات لە میسر لە ساڵی ١٨٠٥ز، ژمارەی ئەو کەسانەی خوێندن و نووسینیان زانیوە، بێجگە لە قیبتییەکان لە دووسەد کەس تێپەڕی نەکردووە.

مێژوونووسان و ڕووناکبیران کۆکن لەسەر ئەوەی ڕووداوەکانی سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم لە وڵاتی میسر هۆکاری سەرەکی بوو بۆ وریابوونەوە و هەستانەوە و کرانەوەی گەلی میسر بە ڕووی جیهاندا، ئەوەش بە ڕزگاربوون لە کۆتوبەندی دواکەوتوویی و نەخوێندەواری دەسەڵاتی عوسمانییەکان و لە ئەنجامدا هەنگاونان بەرەو دامەزراندنی میسری نوێ.

**سوپای ناپۆلیۆن بۆناپارت لە میسر (١٧٩٨ – ١٨٠١ز):** شارەزایان لە مێژووی میسری نوێدا ئاماژە بەوە دەکەن کە هاتنی سپای فەڕەنسی بەسەرکردایەتی سەرکردەی دیاری فەڕەنسا ناپۆلیۆن بۆناپارت لە ساڵی ١٧٩٨ز بۆ داگیرکردنی وڵاتی میسر لە سەدەی نۆزدەیەمدا بە ڕووداوێکی سیاسی گرنگ لەقەڵەم دەدرێت و ئەکادیمیان و توێژەران وا لێکی دەدەنەوە بەوەی ئەمە خۆی لە خۆیدا هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ شڵەقاندنی گۆمی وەستاوی کۆمەڵگەی داخراوی میسر لەو سەردەمەدا کە فەڕەنسییەکان لەگەڵ خۆیاندا بیروبۆچوون و نەریتی نوێ و شارەزایی لە پیشەی نوێیان گواستەوە بۆ ڕۆژهەڵات بە گشتی و بۆ وڵاتی میسر بە تایبەتی.

هەروەها تێکەڵ بوون و بەریەککەوتنی توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگەی میسر لەگەڵ زانا و دانا و ڕۆشنبیرە فەڕەنسییەکان کە لەگەڵ سپادا بوون، بوونە هۆی جووڵاندنی هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی لەلای میسرییەکان و لە ئەنجامدا وریابوونەوە و بایەخدانیان بە عەقڵ و زانست و زانین لە پێناو خزمەتکردن و پێشخستنی وڵاتەکەیان.

لە یەکێک لە بڵاوکراوەکان کە ناپۆلیۆن ئاراستەی گەلی میسری کرد، بریتی بوو لەوەی کە دەیگوت هەموو خەڵکی لە بەردەم خوای گەورەدا یەکسانن، بەڵام ئەوەی لە یەکتریان جیادەکاتەوە تەنیا عەقڵ و زانست و زانینە.

**دەسەڵاتی موحەممەد عەلی پاشای گەورە ١٨٠٥ز:** دووەمین ڕووداوی سیاسی گرنگ لە میسر لە سەدەی نۆزدەیەم ئەوەبوو لە ساڵی ١٨٠٥ز موحەممەد عەلی پاشای گەورە دەسەڵاتی سیاسی گرتە دەست و مێژوونووسان بە دامەزرێنەری میسری نوێ لەقەڵەمی دەدەن. موحەممەد عەلی پاشا وەک والی ولایەتی میسر دەستبەکاربوو، کە خۆی و نەوەکانی نزیکەی سەدە و نیوێک حوکمی میسریان کرد، خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز بووە و لە هەندێک سەرچاوەدا ئاماژە بەوە دەکرێت کە باو و باپیرانیان لە نەتەوەی کورد بوون.

بە گوێرەی توێژەرانی بیانی و میسری موحەممەد عەلی پاشا لەڕێی کۆمەڵێک گۆڕانکاری بنچینەیی و چاکسازی بەردەوام لە گشت جومگەکانی کۆمەڵگەی میسری لەو سەردەمەدا بۆ دروستکردنی دەوڵەتی مەدەنی و بە دامەزراوەیی

کردنی وڵات بە مێنتالتییەکی کراوە و دووربینییەوە کاری دەکرد لەپێناو گواستنەوەی وڵاتی میسر لە کۆمەڵگەیەکی داخراوی دواکەوتووەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووی کراوە بە ڕووی وڵاتانی ئەورووپای خاوەن شارستانیەت، ئەمەش بێگومان لە چوارچێوەی زنجیرەیەک گۆڕانکاری لەژێرخانی کۆمەڵگەی میسری، لە بوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و بازرگانی، هەروەها پاڵپشتییەکی تەواوی جووتیارانی دەکرد لە بەرگریکردن لە مافەکانیان و گەڕانەوەی زەوییەکانیان و لابردنی باجی زۆر لەسەریان، ئەمەش بێگومان لەپێناو زیادکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکاندا بووە.

پاشای گەورە زۆر بایەخی بە بواری پەروەردە و فێرکردن و خوێندنی باڵا دەدا، چونکە وا بیری دەکردەوە کە بنەمای پێشکەوتن لە وڵاتدا پەیوەستە بە وەرگرتنی زانست و زانیاری نوێ لە وڵاتانی ئەورووپا، بە تایبەتی فەڕەنسا کە لەو سەردەمەدا بە مەڵبەندی ڕۆشنگەری لە جیهاندا ناودەبرا، بەم شێوەیە بیروبۆچوونەکان و پلانەکانی موحەممەد عەلی پاشا لە میسر ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ خوڵقاندنی ژینگەیەکی لەبار و گونجاو بۆ سوود وەرگرتن لە زانستەکانی سەردەم و هەنگاونان بۆ گۆڕانکاری لەسەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگەی میسری، لەبەر ئەوە هەوڵی زۆری دەدا کە جومگەکانی دەوڵەت بە بیری زانستی نوێ ببووژێنێتەوە و کۆمەڵگە لەسەر بنەماکانی زانستەکانی سەردەم بنیاد بنێت، هەر بۆ جێبەجێکردنی ئەم نەخشە ڕێگەیە حکوومەتی میسری دەستی بە ناردنە دەرەوەی خوێندکارە میسرییەکان کرد بۆ وڵاتانی ئەورووپا، بۆ وەرگرتنی فەلسەفە و زانستی نوێ لە گشت پسپۆڕییەکان و لە دواییدا گەڕانەوەیان بۆ وڵات بە مەبەستی دانانی پایەکانی وڵاتی میسری نوێ.

لە ساڵی ١٨١٣ز ژمارەیەک خوێندکاریان بۆ وڵاتی ئیتاڵیا، شاری میلان نارد بۆ خوێندنی هونەری چاپ و لە ساڵی ١٨١٨ز ژمارەیەکی دیکەیان بۆ فەڕەنسا نارد بۆ خوێندنی هونەرەکانی سەربازی و دەریایی، لە ساڵی ١٨٢٦ز زۆرترین ژمارەی خوێندکاریان بۆ فەڕەنسا نارد بۆ خوێندن و سوودوەرگرتن لە زانستەکانی ئەندازیاری سەربازی و زانستی کیمیا و پزیشکی مرۆڤ و پزیشکیی ڤێترینەری و زانستە دەریاییەکان و زانستەکانی کشتوکاڵ و ئابووری کشتوکاڵ و زانستی کانزاکان و هونەری وەرگێڕان لە هەموو زانستە جۆربەجۆرەکان و هونەر و ئەدەب و هەندێ بواری زانستی دیکە.

**ڕەفاعە ئەلتەهتاوی پێشەنگی بزووتنەوەی وەرگێڕان:** شێخ ڕەفاعە ئەلتەهتاوی یەکێک بوو لەو خوێندکارانەی لە ساڵی ١٨٢٦ز گەشتی بۆ فەڕەنسا کرد بۆ وەرگرتنی پسپۆڕی لە بواری وەرگێڕان و لە دوای گەڕانەوەی بۆ وڵات و کارکردنی بەردەوامی لە وەرگێڕانی کتێبەکانی پەیوەست بە زانستەکانی سەردەم بوو بە پێشەنگی بزووتنەوەی وەرگێڕان لە میسری نوێدا.

تەهتاوی لە گەشتەکەیدا لەگەڵ خوێندکارانی میسری لە سەرەتاوە دەستنیشان کرا بە ڕابەری ئایینی خوێندکاران بۆ ڕێبەریی کردنیان و هاندانیان لە جێبەجێکردنی ئەرکە ئایینییەکانیان لە نوێژکردن و ڕۆژوو گرتن، بەڵام لە ژینگەی پاریس زیاتر چاوی کرایەوە و فێری زمانی فەڕەنسی بوو، بە ماوەیەکی زۆر کەمتر لەو ماوەیەی هاوڕێکانی فێری بوون و ئارەزووی خوێندنی بواری وەرگێڕان لەلای چەکەرەی کرد و دەستی بە خوێندن کرد، هەروەک خوێندکارێک شەوی دەخستە سەر ڕۆژ بۆ شارەزابوون و وەرگرتنی زانستی نوێ، بەپێی قسەی مامۆستاکانی، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئاستی زانستی لە هەڵکشاندا بوو، چونکە زۆر تینووی زانست و زانیاری نوێ بوو، لە زۆربەی تاقی کردنەوەکاندا کە سەرکەوتنی بەدەست دەهێنا، زۆرجار بە پلەی باڵا، لەلایەن مامۆستاکانییەوە پاداشت دەکرا، هەروەها سەریان لە چالاکییەکانی سوڕما دەما، بە تایبەتی کە لە ماوەی خوێندکاریدا لە پاریس لە

ساڵەکانی ١٨٢٦ تا ساڵی ١٨٣١ز ڕای دەپەڕاندن، ئەویش بە وەرگێڕانی دوازدە کتێب بە ناوونیشانی جیاجیا، لە بوارەکانی زانست و ئەدەب و یاساکان بۆ سەر زمانی عەرەبی.

**وێستگە سەرەکییەکانی ژیانی ڕەفاعە ئەلتەهتاوی (١٨٠١- ١٨٧٣ز):** لە ساڵی ١٨٠١ز لە شاری تەهتا لە پارێزگای سوهاج لە ناوچەی سەعید لە وڵاتی میسر لەدایک بووە، باوکی ناوی بەدەوی کوڕی عەلی کوڕی موحەممەد کوڕی عەلی کوڕی ڕافع کە لە بنەماڵە دیار و دەوڵەمەندەکانی ناوچەی سەعیدن و پشتاو پشت بۆ سەر ئیمام عەلی کوڕی ئەبی تاڵب دەگەڕێنەوە. دایکی ناوی فاتیمە کچی شێخ ئەحمەد فەرغەلی-یە، لە ساڵی ١٨٧٣ز کۆچی دوایی کردووە و لە شاری قاهیرە بە خاک سپێرراوە.

- لە ماوەی ١٨١٧- ١٨٢٢ ز خوێندکار بووە لە زانکۆی ئەزهەر.
- لە ماوەی ١٨٢٢- ١٨٢٤ز مامۆستا بووە لە زانکۆی ئەزهەر.
- لە ماوەی ١٨٢٤- ١٨٢٦ز لە سپای وڵاتی میسر وتارخوێنی ئایینی و ئیمام بووە.
- لە ماوەی ١٨٢٦ - ١٨٣١ ز پێنج ساڵی خایاند گەشتەکەی بۆ پاریس وەک خوێندکارێک لە بواری زانستی وەرگێڕان لە دواییدا بوو بە ڕابەری بزووتنەوەی وەرگێڕان لە میسری نوێ بەوەی زۆربەی زانستەکانی شارستانیەتی ئەورووپا وەربگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی بە مەبەستی تێپەڕاندنی چەرخە تاریکەکان و هەنگاو نان بەرەو چەرخی ڕۆشنگەریی.
- لە ماوەی ١٨٣١- ١٨٥٠ز و گەڕانەوەی لە فەرەنسا و کارکردن بۆ ماوەی بیست ساڵ بە چالاکیی جۆراجۆر لە وەرگرتنی پۆست و وەرگێڕانی ژمارەیەکی زۆر لە کتێبە زانستییەکان و دامەزراندنی کۆمەڵێک دامودەزگەی وەرگێڕان و هزری و پەروەردەیی، کە ژمارەیەکی باش لە وەرگێڕ و ڕۆشنبیر و زانستخوازان و ڕووناکبیران و ڕۆژنامەنووسان تێیدا پێگەیشتوون و دەرچوون کە بوونە هۆی گۆڕینی باری ڕۆشنبیری لە وڵاتی میسری نوێ.
- ١٨٥٠- ١٨٥٤ز دەسەڵاتی سیاسی کەوتە دەستی خدێوی عەباسی یەکەم کە بە کەسایەتییەکی کۆنەخواز ناسرابوو لە میسر، ڕەفاعە ئەلتەهتاوی بۆ وڵاتی سودان دوورخستەوە.
- ١٨٥٤- ١٨٧٣ز گەڕانەوەی ڕەفاعە ئەلتەهتاوی لە سودانەوە بۆ میسر، هەروەها دووبارە کارکردن لە بوارە هزری و ڕۆشنبیریی و پەروەردەیی و ڕۆژنامەگەری بە شێوەیەکی گشتی، بە تایبەتیش تا ساڵی ١٨٧٣ز لە بواری وەرگێڕان.

لە کارە دیارەکانی لە بواری وەرگێڕان: ڕەفاعە ئەلتەهتاوی دوای وەرگرتنی شارەزاییەکی باش لە بواری وەرگێڕان و گەڕانەوەی بۆ میسر، گەیشتە ئەو باوەڕەی کە کاری وەرگێڕان لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوودا هەروەک چالاکییەکی هزری ڕۆشنبیری ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەریی هەبووە لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەکاندا و بەهۆیەوە مرۆڤایەتی بە گشتی ئاشنای یەکدی بوونە و لە ڕێی وەرگێڕانی کەلەپووری گەلانەوە لە زانست و ئەدەب و هونەر گەلانی جیهان شارەزای یەکتر بوونە و سوودیان بەیەکتر گەیاندووە و لە ئەنجامدا لە یەکدی نزیک بوونەتەوە، بەهۆی ئەوەی بیری مرۆڤەکان دەبووژێتەوە و نوێ دەبێتەوە و ڕەفاعە ئەلتەهتاوی لە ڕێی ئەم پرۆسە شارستانییە گرنگەوە کە ڕابەرایەتی کردووە، لە سەردەمی دەسەڵاتی موحەممەد عەلی پاشا و ئیبراهیم پاشای کوڕییەوە وەک دامەزرێنەر و دانانی بنەما سەرەکییەکانی سەردەمی نوێ لە میسر کە وای کرد میسر لە ڕووی شارستانییەوە پێش وڵاتە عەرەبییەکانی دیکە بکەوێت.

**کارە ناوازە و کاریگەرییەکانی لە بواری وەرگێڕان لە وڵاتی میسردا:**

**یەکەم:** ڕەفاعە ئەلتەهتاوی لە دوای گەڕانەوەی لە پاریس لە خوێندنگەی پزیشکیی (کۆلێژی

پزیشکیی) وەک وەرگێڕ دامەزرا، بۆ ماوەی دوو ساڵ بە بەردەوامی خەریکی پێداچوونەوەی زمانەوانی بوو بۆ کتێبە پزیشکییەکان، هەروەها دۆزینەوەی زاراوەکانی زانستی توێکاری لە زمانی عەرەبیدا.

**دووەم:** ڕەفاعە ئەلتەهتاوی خوێندنگەی زمانەکانی دامەزراند (مدرسة الألسن) لە ساڵی ١٨٣٥ز، واتە کۆلێژی زمانەکان کە تێیدا فێرخوازان فێری زمانەکانی فەڕەنسی و تورکی و فارسی و ئیتاڵی و ئینگلیزی دەبوون، هەروەها زانستەکانی مێژوو و جوگرافیا و ئەدەبی عەرەبیشیان دەخوێند.

**سێیەم:** دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی تایبەتمەند بە وەرگێڕان، لە ساڵی ١٨٤١ز هاوشێوەی زانکۆی وەرگێڕان بەناوی (قلم الترجمة) کە پێکهاتبوو لە چوار بەش:

١/ بەشی وەرگێڕانی زانستی ماتماتیک.

٢/ بەشی وەرگێڕانی زانستەکانی پزیشکیی و سروشتی.

٣/ بەشی وەرگێڕانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان.

٤/ بەشی وەرگێڕانی زمانی تورکی.

**چوارەم:** دامەزراندنی خوێندنگەی کارگێڕی کشتوکاڵی باڵا، لە ساڵی ١٨٤٧ز.

**پێنجەم:** دامەزراندنی خوێندنگەی ژمێریاری (کۆلێژی ژمێریاری) لە ساڵی ١٨٤٤ز.

شەشەم: دامەزراندنی خوێندنگەی کارگێڕی و ڕامیاری لە ساڵی ١٨٤٤ز.

**حەوتەم:** دامەزراندنی خوێندنگەی شەریعەت و یاسا (کۆلێجی یاسا) لە ساڵی ١٨٤٤ز.

**هەشتەم:** لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا یەکەمین ڕۆژنامەنووس بووە کە سەرپەرشتی ڕۆژنامەو گۆڤاری (الوقائع المصرية والمجلة العسكرية وروضة المدارس)ی کردووە.

هەندێک لەو کتێبە گرنگانەی کە ڕەفاعە ئەلتەهتاوی لە زمانی فەڕەنسی وەریگێڕاونەتە سەر زمانی عەرەبی:

١- أصول المعادن (بنەماکانی زانستی کانزاکان)

٢- علم الهندسة (زانستی ئەندازیاری)

٣- العسكرية والحرب (کاروباری سەربازی و جەنگەکان)

٤- علم سياسات الصحة (زانستی سیاسەتی تەندروستی)

٥- قانون التجارة (یاساکانی بازرگانی)

٦- مقدمة جغرافية الطبيعية (پێشەکی جوگرافیای سروشتی)

٧- تاريخ الاسكندر الاكبر (مێژووی ئیسکەندەری گەورە)

٨- قدماء الفلاسفة (فەیلەسووفە دێرینەکان)

٩- المرشد الامين في تربية البنات والبنين (ڕێبەری پەروەردەی کوڕان و کچان)

١٠- القانون المدني الفرنساوي (یاسای مەدەنی فەڕەنسی).

١١- الدستور الفرنسي (دەستووری فەڕەنسا)

١٢- الميثولوجيا (میتۆلۆجی)

١٣- تاريخ قدماء المصريين (مێژووی میسرییە کۆنەکان)

دیارە قسەکردن لە بارەی ئەم کەسایەتییەوە زۆر هەڵدەگرێت و منیش دەمویست لە ڕێگەی ئەم چەند دێڕەوە ئەم پیاوە مەزنەی وڵاتی میسر بە خوێنەری کورد بناسێنم و داو دەزگەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا و وەزارەتی ڕۆشنبیری سوودی لێ وەربگرن و هەنگاوی هاوشێوەی تەهتاوی بنێن.

**ئەو سەرچاوانەی سوودیان لێ وەرگیراوە:**

(١) رفاعة الطهطاوي، رائد التنوير في العصر الحديث، د.محمد عمارة، چاپی یەکەم، ١٩٨٤ القاهرة، مصر.

(٢) دراسة في طبيعة المجتمع العراقي، د.علي الوردي، ٢٠١٢.